# کۆمێدیا یان تراژیدیا

## مێژوویەک کە خۆی بەرهەم دێنێتەوە

**رۆژدین راد**

پەیوەندی مێژوو بە تراژیدی و کۆمێدیەوە،پەیوەندیەکی گەلێک دێرینە .لام وایە ئەو گرێدراوییە (مێژوو کۆمێدیا-تراژیدیا ) تەمەنی لە هەزاران ساڵ تێدەپەرێت . کاتێک کە مرۆڤ دەبێتە خاوەنی هزرێکی مێژوویی ، واتە مرۆڤ دەتوانێت مێژوو راڤە بکات ، تراژیدیا و کۆمێدیاش لە ژیانی مرۆڤدا دێنە ناسینو خۆیان لە ناوەندی مێژوودا جێدەکەنەوە ودەبنە بەشێکی گرینگ لێی . میلان کوندێرا لە کەتێبی وەسیەتەکانی خەیانت پێکراودا، پەندێکی کۆنی یەهودییەکان بۆ باسکردن لە سەر ئەو وەسیەتانەی خەیانتیان پێکراوە دێنێتەوە کە بە شێوەیەکی سەیر، پەیوەندی بە کۆمێدیاوە هەیە.

کوندێرا دەنووسێت : مرۆڤ بیر دەکاتەوە - پەروەردەگاریش پێدەکەنێت ( رەنگە ئەوە یەکەمین پێکەنینی پەروەردەگار بوو بێت ) ! مرۆڤ پێی وایە کە حەقیقەت دەزانێت – پەروەردەگاریش لەو سەرەوە بە ئەقلی پێدەکەنێت ! ئەوە بەو مانایە دەتوانرێت شیرۆڤە بکرێت کە حەقیقەت گەلێک دوورە لە زانست و تێگەیشتنی مرۆڤ . پێم وایە ئەو پێکەنینە بە شێوەیەکی باوەر پێنکراو - سەرەتاو دەستپێکی کۆمێدیا بووبێت . کۆمێدیا نە وەک ژانەرێکی ئەدەبی بەڵکوو وەک ئەلقەیەک کە لە هەندەرروونی مێژوودایە و دەبێتە هۆی خەندەی پەروەردەگارو پێکەنینی ئەوانیتر . ئەوە بە کورتی دەستپێکی کۆمێدیا بوو. بەلام ئاخۆ سەرەتایی مێژووی تراژیدیا ( نە بە مانا ئەدەبیەکەی) بۆ چ سەردەمێک دەگرێتەوە . هەنووکە، چەند گریمانەیەک کە رەنگە یەکێکیان وە یان هەموویان بە سەریەکەوە، سەرەتای تراژیدیا لە مێژوودا بن دەخەمە روو . گریمانەی یەکەم : بیرکردنەوەی مرۆڤ دەربارەی دۆخی خۆی - دۆخێک کە لەوێدا مرۆڤ لە حەقیقەتێک دەگەرێت کە وونە یان بە تەواوی شاراوەیە . گریمانەی دووهەم: کاتێک کە مرۆڤ بۆ یەکەم جار بە رەو رووی بێمانایی هەستی و بوون دەبێتەوە . گریمانەی سێهەم: رەها بوون لە چەمکەکان و کەوتنە ناو بۆشایی . گریمانەی چوارەم: بەر بوونەوە کاتێک کە مرۆڤ هەست بە سووکایی دەکات ...

ئەو گریمانانە هەموو، وە رەنگە چەندەهای ترش بکرێت وەک دەستپێکی تراژیدیا ناوزەد بکرێن .

مرۆڤ بە شێوەیەکی گشتی خاوەنی مێژوویەکە، کە هەڵگری هەر دووک چەمکەی کۆمێدیاو تراژیدیایە و هەر دەمیش ئەو دووانە بەرهەم دەهێنێت . هەنووکە، من نامهەوێت باسێکی درێژ دەربارەی مێژوو بکەم ، چوونکە بابەتی مێژوو، نیزیک بە دوو سەد ساڵ دەبێت لە لایەن بیرمەندان و فیلەسووفانی ئەرووپاییەوە وەک ( مارکس،هێگل، تۆلۆستۆی و پۆستمودرێرنیستەکان)ەوە توێژینەوەی لە سەرکراوەو دەکرێت . هەر یەک لەو زانایانەش لێکدانەوەی تایبەتیان بە نیسبەت مێژووە هەبووەو هەیە .تیۆرییەکانی مارکس بە نیسبەت مێژووە دەگەل لە هی هێگل جیاوازی بنەرەتی هەیە . هەر وەها تێگەیشتنی تۆلۆستۆش لە مەڕ مێژوو لە هی هێگل گەلێک جیاوازە . لە هەمانکاتدا پۆستمۆدێرنیستەکان دیدێکی تەواو جیاوازیان بە نیسبەت مێژووە هەیە کە لە هی تۆلستۆی، هێگل و مارکس بە تەواوەتی جیاوازە . لێرەدا تەنیا تیۆری تۆلۆستۆی بۆ من جێگای سەرنجە. تۆلستۆی لە یەک رەستەدا دیدی خۆی بە نیسبەت مێژووە باس دەکات . جێگای سەرنج بوونی ئەو دیدەش بۆ من لە بەر ئەوەیە کە، بە شێوەیەکی خەندەئامێز دەگەل مێژووی کورد دێتەوە . هەڵبەت ئەگەر تەنیا بە

دیوی تراژیدیەکەیدا تەماشای ئەو مێژووە بکەین .
تۆلستۆی وەک رۆمانووسێک ،مێژوو بە ئەسپێکی کوێر دەشبهێنێت کە نازانێت بە رەو کوێ دەچێت . ئەو دیدە بۆ مێژوو دەگەل ئەوەدا کە هونەرمەندانەیە لە هەمانکاتیشدا هەڵگری مەتافۆرو ناوەرۆکێکی مەزەن و تایبەتیشە. ئەسپێکی کوێر کە لە دەشتێکدا بەرهەڵا کرابێت - توانا و دەسەلاتی بینینی نییە و دەبێت لە پێی قەدەر بڕوا . بە واتایەکی تر مێژوو- ئەسپ هەروا بە ئاسانی نایێتە فامکردن و لە واقیعیشدا ڕێرەوێکی ڕاست ورەوانی نییە و هیچ هێزێکیش ناتوانێت بەرەو ئاسۆیەکی بەرێت کە مەبستیەتی . لە هەمانکاتیشدا دەتوانێت هەمان بەرهەم بێنێتەوە کە هەیە . لێرەوە ئەو بیرۆکەیی تۆلستۆی بە نیسبەت مێژووە هەر وەک ئاماژم پێدا بە شێوەیەکی خەندەئامێز دەگەڵ مێژووی کورد یەکدەگرنەوە. مێژووی کوردیش ئەو ئەسپە کوێرەیە کە تۆلستۆی باسی لێوە دەکات . لە دەشتێکدا بەرەڵایە و هەڵگری تراژیدیایەو نازانێت بە رەو کوێدەڕوات و هەر خۆشی بەرهەم دێنێتەوە .
با لێرە، هەلویستەیەک لە سەر کومێدیاو تراژیدیا بکەین و مانای ڕێژەیی ئەو چەمکانە، بە نیگایەکی گوزەرا بە سەر مێژووی کورد دا دەستنیشان بکەین .لە بەر ئەوە کە کومێدیا جێگایەکی بەرزتری لای من هەیە لە ئەوەوە دەست پێدەکەین .
کومێدیا : دەستپێکی کومێدیا لە مێژووی کوردا بۆ چ زەمانێک دەگرێتەوە ؟ ئەوە پرسیارێکە کە بێگومان وەلام دانەوەی سادە نییە . ناکرێت و نا گونجێت ئەو پەندی کە میلان کوندێرا ئیشارەی پێدەکات، واتە بیر کردنەوە لە حەقیقەت و خەندەی پروەردەگار بە دەستپێکی کومێدیا لە مێژووی کوردا ناوزەد بکەین. لە بەر ئەوەی باوەر ناکەم مرۆڤی کورد هەتا ئێستا لە حەقیقەت گرا بێت و لەوەش زیاتر ناتوانم باوەر بکەم پروەردەگار بەو مرۆڤە پێکەنیبێت ! ئەگەر وایە کومێدیا لە بەر ئەوەی دەستنیشانکردنی سەرەتاکەی ئەستەمە ، دەکرێت نە لە خەندەی پروردەگاردا بەلکوو لە پێکەنینی ئەوانیتردا ویدۆزین . پێکەنینی ئەوانیتر ! دەبێت لێرە هەلوێستەیەکیتر بکەم و ئەوە بەلێم کە خەندەی پروەدەگار گەلێک جیاوازە لە پێکەنینی ئەوانیتر . خەندەی خوا شتێکی رەمزییە - بەو مانایە کە لە ڕێگای ئەو خەندەوە بە مرۆڤ دەلێت : یان حەقیقەتێک بوونی نییە و تۆ گەمژی کە پێت وایە ئەو حەقیقەتە دەزانی . یان دەلێت: بەردەوام بە لە گەڕان بە دوای حەقیقەتدا . بەلام پێکەنینی ئەوانیتر وەک خەندەی شیتان وایە، نە هەڵگری رەمزێکە و نە حەقیقەتێکیش بەرجەستە دەکات . ڕاستەو ڕاست پێکەنینێکە لە رووی بە گەمژەو بچوک زانینەوە . ئەگەر وایە کومێدیا لە کوێوە دەستپێدەکات ؟ لێرە تووشی ئیشکالیت دەبین، چوونکە کورد نە خاوەنی مێژوویەکی نوسراوی ڕێکەو نە خاوەنی هزرو حافیزەی مێژوویی .
بەلام چار نییە- هەر دەشێت پێکەنینی ئەوانیتر بە سەرەتای کومێدیا لە مێژووی کورددا دەستنیشان بکەین .
لێرە دەکرێت بپرسین بۆ پێکەنینی ئەوانیتر ؟ لام وایە وەلامی ئەو پرسیارە لەوە ئاسانترە کە بەمانگەڕێنێتەوە بۆ هەندەرووني مێژوو . لێرەدا، بۆ چوونە ناو ئەو مەسەلە، تەنیا ئاماژە بە چەند هۆکار دەکەم کە دەبێتە سبەبی پێکەنینی ئەوانیتر . یەکەم: ماچکردنی دەستی شێخ و ئاغاکانی کوردی باکور لە لایەن "ئەتا تورکەوە " پێش ئەوەی زەرووف و زەمان ئامادە بێت بۆ لە سێدارەدانیان . دووهەم: پەنابردنە بەر سوڤیەت لە لایەن سەرانی کۆماری کوردستانەوەو پەیوەندی بەشێک لە ئاغاکانی ناوچەی مەکوریان بە رژیمی شاوە . سێهەم: کوشتنی حەقدە کەس لە سەر مەسەلەی کاڵەکان لە باشوری کوردستانو خەندەی ئەحمەد حەسەن بکرو ماچکردنی سەدام لە یەک کاتدا . چوارەم: شەری تایبەتی سەرۆکەکانی حیزبی کوردی چ لە ناو پارچەیەکدا و چ ئەو پارچە دەگەل پارچەیەکی تر. پێنجەم : بێناسنامە بوونی بە حیساب چڵ میلوێن کوردو خۆگرێدان بە هەواوە.

شەشەم : بە تاقمە کردنی کوردەکانی رۆژئاوا بێ ئەوەی ناسنامەی عەرەبی یان تورکیان بدەنێ .
حەوتەم :کوشتنی کچان بە هۆی گەڕان بە دوای ئەشقدا ...

نەها بە پێویستی دەزانم، وەبیر خوێنەرانی ئەو وەتارە بهێنمەوە کە شەرە ناو خۆییەکانی هەزارەی دووی کوردان تەمەنیان خەریکە لە پەنجا ساڵ نیزیک دەبێتەوەو" ئەوانیتریش" خەریکەن جێژنێکی تایبەت، بۆ یادی پەنجا سالی ئەو بۆنەیە ساز دەدەن . دیارە ئەوانە و بە سەدان نموونەیتر کە پیوەندیان بە کومێدیا لە مێژوودا هەیە و باری سایکولۆژی و کۆمەلایەتی و سیاسی چڤاکێک دەردەخن - دەبنە هۆی پێکەنینی ئەوانیتر .

لێرە، بێ هیچ هەڵوێستەیەک یان ناو هێنانی فیلەسووفێک ، "لە بەر ئەوەی نبێتە جێگای گازەندەی روناکبیران "، دەچمە سەر باسی تراژیدیا لە مێژووی کورد دا . توێژینەوە لە سەر تراژیدیا لە مێژووی کورد دا ( ئەگەر مرۆڤ توزقالێک حافیزە یان خاوەنی تۆزێک هزری دیرۆکی بێت) بە ڕادەی کومێدیا دشوار نییە . هەر چەندە تراژیدیا هەڵگری دوو توێیە یان بە واتایەکی تر دوو دیوی هەیە - دیوێکی ئاشکراو دیوێکی شاراوە . یەکەم ، ئەو رووداوانی کە ئاشکران و مرۆڤ دەتوانێت خوێندنەوەی بۆیان هەبێت کاتێک کە مێژوو دەنووسرێتەوە . دووهەم ، ئەو رووداوانەی کە شاراوەن و بەرجەستە کردنیان پێویستی بە چوونە ناو هەندەرروونی مێژووە هەیە . لێرەوە بە ئاماژە کردن بەو چەند ڕەستەیە، دەستپێکی تراژیدیا بە باوەری من دەگریتەوە بۆ خوێندنەوەی ئەحمەدی خانی بۆ جڤاکی کورد - واتە بۆ بەرهەمهێنانی "مەم و زین " . لە تراژیدی مەم و زیندا خانی چەند مەسەلەی گرینگ لە هەندەروونی جڤاکی کوردیدا بە بنگەە دەگرێو باسیان لە سەر دەکات . هەنۆکە من نامهەوێ بە بەرفراوانی باسی تراژیدی مەم وزین بکەم، چوونکە ئەو تراژیدیە پێوستی بە خوێندنەوەیەکی تایبەت هەیە . تەنیا ئەو مەسەلە گرینگانەی خانی بە بنەمای گرتبوون بۆ نووسینی مەم وزین و چوونە ناو ناخی مێژووی کورد ئاماژەیان پێدەکەم .

یەک: دەسەلاتی میرەکان کە باج دەری سولتانەکانی عوسمانی بوون . دوو: ئەشق . سێ: نەبوونی دەولەتێکی کوردی . چوار:خەیانەت .

پێم وایە خانی بە قووڵی( نیزیک بە چوار سەد ساڵ) لەوە پێش چۆبوو ناخی جڤاکی کورد و دەردەکانی دەستنیشان کرد بوون .لێرەوە لایەنی شاراوە ی تراژیدیا کە لە هەمانکاتدا هەڵگری گرێ کوێرەکانی رووحی و رەوانی کۆمەلگای کوردە بەرجستە دەبێت . خانی ئەو لایێنە شاراوانە کە لە واقیعدا درووستکری لایەنی ئاشکران، زۆر هونەرمەندانە دەخاتە روو .

دیوی دووهەم : سەرەتای تراژیدی دیوی دووهەم ، لاموایە بگرێتەوە بۆ غولامی کردنی میرەکانی کورد بۆ سولتانەکانی عوسمانی و پاشاکانی ئێرانی . لە هەمانکاتیشدا یەکەمین شەری دژ بە یەک بۆ بەرژەوەندی بچوک ،کە لە هەزارەی سێشدا- ئێمە بێچارەکانی ئەو خاکە- دەبێت شاهیدی هەمان بین . ئەوە تەنیا دەستپێکی تراژیدیایە لە مێژووی کورد دا. کۆی تراژیدیە ئاشکراکان لە ئەژماردە نایەن . بۆ وەبیر هێنانەوە ئاماژە بە چەند دانەیان دەکەم . قەتلووعامی نیزیک بە سەد ساڵی کوردەکانی باکور لە سەر دەستی کەمالیستەکان . لە سێدارەدانی کۆمارو سووتاندنی قارنەو قەلاتان . هەرەسهێنانی شورەشی حەفتاوپێنچ . ئەنفال و هەلبجە ...وە هەتا دوایی .

هەنووکە دەبینین کە میللەتێک لە چوار سەد ساڵ لە مەبەرەوە دەگەڵ تراژیدیدا دەژیت – ئەوە قەدەرە یان چارەنووس- یان وون بوونە لە ناو خەندەی پروەدەگارو پێکەنینی ئەوانیتردا ... تراژیدیایی هەرە مەزن بۆ نەتەوەیەک لە پرۆسەی زەماندا ئەو مەسەلە بنەرتیانن کە خانی بەرجستەیان دەکات و هەتا ئێستاش چەمکەی سەرەکین لە مێژووی کورد دا . وێرای هەمووی ئەوانەش، دەردەکانی کوشندەی رووحی و رەوانی کە گرێدراوی کولتوور، ئایینو فەرهەنگن و بەرهەمی مودێرنیتەن بەو تراژیدیانەوە زیاد دەبن .

چەمکەی سەرەکین لە مێژووی کورد دا ؟ لە دەستپێکدا باسی مێژوویەکەم کرد کە خۆی بەرهەم دێنێتەوە . ئەگەر چاوێک بە دیرۆکی سەد ساڵی کورد دا بخشێنین، زۆر نائومێدانە دەبینین کە مێژوو بە شێوەیەکی کومێدیا ئاسا لە بازنەیەکدا دەسورێتو دەرئەنجامیش بەرهەم هێنانەوەی هەمانە .
کومێدیا ... تراژیدیا ... مێژوو ... سێ چەمکەن لە یەک جیاواز بەلام بە شێوەیەکی خەندە ئامێز پێوەندیدار بە یەکەوە .

دەرئەنجام : هزرو حافیزەیەکی مێژووی پێویستەیەکە لە زەماندا ...